


# تەنکترین مینی پی سی لە جیهاندا



کۆمپانیای (ASRock)ی تایوانی کە یەکێکە لەبەرهەمهێنەرەکانی سەختەئامرازی کۆمپیوتەر، بۆ نموونە، مەزەلبۆرد، گرافیک کارد و رام...تاد. لەم دواییەدا کۆمپیوتەرێکی بچووکی بەرهەمهێناوە واتە (mini PC) کە بە کۆمپیوتەری جۆری Mars 400U ناسراوە. کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی بچووک کە کارایی کۆمپیوتەرێکی مەزنی هەیە. رامەکەی ٦٤ گیگابایتە و سیستەمی وای-فای ٦ی لەسەرە.

بۆ داکردنی داتاکان داتاگەی جۆری SSD ی لەسەرە. هەرچەندە شوێنی هاردیسکێکی ٢,٥ئینجی بۆ دانراوە. بارستایی کۆمپیوتەرەکە تەنیا ٢٦ ملمە.. شوێنی حەوت دانە پۆرتی USB و یەك پۆرتی USB-C هەیە. کۆمپیوتەری ناوبراو توانای هەیە لەیەك کاتدا بە دوو شاشە پەیوەند بدرێ و چەندین پرۆگرام پێکەوە بکاتەوە.

# میمۆری کارت ی

تەکنەلۆژیا چەند بەخێرایی هەنگاو دەنێ، چەند ساڵ لەمەوبەر کەس بە زەینیشیدا نەدەهات میمۆری یەك ترابایتی بەرهەم بێت. نەك ئەو قەوارەیە بەڵکو قەوارەی زۆر بچووکتر لەوەش.. کاتێك مۆبایل شوێنی کۆمپیوتەری گرتۆتەوە، ئاساییە کە دەبێت میمۆری گەورەشی بۆ دابندرێ بۆ داکردنی و هەڵگرتنی فیلم و وێنەکان.

میمۆری یەك ترابایتی جۆری Superior 1TB MicroSDXC لەلایەن کۆمپانیای Silicon Power

# رۆبۆڤی: تکایە دەمامک ببەستن






رۆبۆڤی «Robovie» رۆبۆتێکی بەرهەمی وڵاتی ژاپۆنە، ئەم رۆبۆتە لە شوێنە قەرەباڵغەکان دێت و دەچێت و داوا لە خەڵك دەکات کە مەوداتان لێك دوور بێ و دەمامك ببەستن.

رۆبۆڤی رۆبۆتێکی سەرنج راکێش و لەبەردڵانە، بەهۆی ئەو لەیزەرانەی کە لەسەری دانراوە، دەزانێت کە مەودای مرۆڤەکان چەندە لێك دوورە، بۆیە ئەگەر لێك نزیکبنەوە پێیان دەڵێت تکایە لێك دوور بکەونەوە، ئەگەر کەسێکیش دەمامکی نەبەستبێ پێی رادەگەینێ..

ئەم رۆبۆتە لەسەرەتای هایپەرمارکێتە گەورەکان و شوێنە قەرەباڵغەکان دانراوە. بەرهەمهێنەرانی رۆبۆتەکە دەڵێن، خەڵك کاتێك رۆبۆتێك ئاگاداریان دەکاتەوە هەست زیاتر بە بەرپرسیاریەتی دەکەن تاکو کەسێکی وەك خۆیان ئاگاداریان بکاتەوە چونکە یان شەرم دەکەن یان ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکان بە هەند ناگرن.

# تاکسییە بێ شۆفیرەکان

تەکنەلۆژیای ماشێنە خۆڕەوەکان واتە ئەوانەی
بەبێ شۆفێر دەڕۆن سیستەمێکی نوێیە و هیچ دوور
نییە لە داهاتوودا ببێتە سیستەمێکی گشتگیر.
ئۆتۆمبیلی خۆڕۆی گوگل و هاوشێوەکانی
نموونەی سەرکەوتووی ئەم بوارەن.
کۆمپانیای zoox هەوڵیداوە تەکسییەکی خۆڕۆ بەرهەم
بێنێ و بە کردەوە تاقی بکاتەوە. تەکسییە خۆڕەوەکە وەك
کالێسکەیەك دەچێت و چوارکەس هەڵدەگرێت. تەکسیە
خۆڕەوەکە دوو کورسی وەك کورسی قوتابخانەی تێدایە
و کە لە ئاستی یەکن و کەسەکان دەتوانن هەروەك لە
پارکێکدا چۆن دانیشتوون ئاوا دانیشن و قسە بکەن.
سیستەمی دژە لەرزینی تێدایە و تەنانەت دەکرێت بەبێ
کێشە چای و قاوەی تێدا بخورێتەوە و هەروەها شاشەی
لەمسی لە هەر چوار لای تێدایە و دەکرێت گۆرانی و
فیلمی بخرێتە سەر و هەر لە ڕێگای شاشەکەوە کەش و
هەوا GPSیش بزانی.
تەکسیەکە خۆی دوو لا ڕۆیە، واتە پێویست
ناکات بەگ لێبدات و بابداتەوە و بەڵکو بە
لایەکی دیکەوە دەڕوات. تایەکانی بۆ هەموو لایەك
دەسووڕێن. تەکسییەکە کارەباییە و خێراییەکەی ٧٥
مایلە لە کاتژمێرێکدا. لەم هەفتەیەدا لە شارەکانی
سانفرانسیکۆ و لاس و گاس تاقیکرایەوە.




## ـــــەک ترابایتی

بەرهەم هاتووە. ئامێرێکی بچووك بەڵام دەتوانێ کێشەیەکی گەورە چارەسەر بکات. هەرچەندە پێشووتر لەلایەن کۆمپانیای Sandiskەوە میمۆرییەکی وا بەرهەمهاتبوو، بەڵام هەم تێچوونەکەی بۆ کڕیار زۆربوو، هەم کوالیتییەکی باشی نەبوو. چونکە ئەم میمۆرییە هەتا پێنج ساڵ گرەنتی لەگەڵدایە. خێرایی داکردن لەم میمۆرییەدا ١٠٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە و هەروەها دژە ئاو و دژە بەرکەوتنە و دژە گەرمییە.






## ئامێرێکی دیجیتالی چاودێری هەنگ دەکات

پەروەردەکردنی هەنگ ساڵیانێکە بەشێوەی کلاسیکی و کۆن بەڕێوە دەچێت، هەنگەوان دەبێت بەردەوام چاودێری وردی هەنگەکان بکات. هەرچەند لەم چەند ساڵەدا گۆڕانکاریی هاتۆتە و تەکنەلۆژیای نوێ ئەم بوارەشی گرتۆتەوە.

لەم ماوەیەدا ئامێرێکی تایبەت بەرهەم هاتووە بەناوی ApisPro-tect کە لە خەڵەفی هەنگەکان دادەندرێت و هەنگەوان بەهۆیەوە هەرچی زانیارییە سەبارەت بە هەنگەکەی دەیزانێت.

زانیاری سەبارەت بەو نەخۆشیانەی لە ناو هەنگ بڵاودەبێتەوە بۆ مۆبایلی بەکارهێنەر بەرێدەکات و جگە لەوەش ئەگەر هەنگەکان تووش کێشە نەخوازراو وەك هێرشی زەردەواڵە و گیانداری دیکە بن، دیسان هەنگەوان ئاگادار دەکاتەوە. شایانی ئاماژە پێدانە ئەم ئامێرە لە ماوەی مانگێکدا نزیکە پانزدە ملیۆن زانیاری لەبارەی هەنگەکانەوە بۆ هەنگەوان بەرێ دەکات.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت ئێستاکە سەردەمی تەلەڤزیۆنە زیرەکەکانە، ئایا دەکرێت تەلەڤزیۆنە ئاساییەکانی خۆمان بکەین بە تەلەڤزیۆنی هۆشمەند؟**

بەڵێ خوێنەری بەرێز لە جیهانی تەکنەلۆژیادا هیچ شتێك زۆر دژوار نییە.. تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان زۆر تایبەتمەندییان تێدا هەیە کە لە تەلەڤزیۆنی ئاسایی دا نییە، وەك ئەوە بە ئاسانی لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێن و بە مۆبایل و کۆمپیوتەر دەبەسترێنەوە و هەرکاتێك حەزمان لێبوو دەتوانین سەیری چ فیلمێك بکەین دەکەین.. بۆ ئەوەی کە تەلەڤزیۆنێکی ئاسای بکەی بە سمارت پێویستە یەکێك لەو ئامرازانە کە تێچوویەکی کەمیان دەوێت بە تەلەڤزیۆنە ئاساییەکەوە پەیوەند بدەی وەك: SMART TV BOX یان Android box یا Chromecast و هەروەها گوگل تیڤی و ئەپل تیڤی و...تاد.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی پارچەکانی هارد

هاردی کۆمپیوتەر یەکێك لە بەشە هەرە گرنگەکانی کۆمپیوتەرە، چونکە کۆگای هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکانە، ئەگەر کۆگا تێکبچێ و بسووتێ ئیدی هەموو شتێك دەبێتەوە سیفر..

زۆر کەس هاردەکانیان دەکەنە چەند بەش بەم بەشکردنە دەگوترێ (Partition) واتە پارچە پارچە کردن. دابەشکردنی هارد بە چەند بەشێك بۆ ئەوە باشە کە بەکارهێنەر بزانێ لە چ بەشێك پرۆگرامی داناوە و لە چ بەشێك فایل و ڤیدیۆ و وێنەی داناوە.. هەر بەشەی بۆ شتێك دابنێ.. ئەگەر زیان بەبەشێك لە پارچەیەکیش بگا ئەوەی دیکە بە باشی دەمێنێتەوە..

پارتیشەنبەندی بۆ ئەوانەی شارەزاییان نییە هەندێك دژوارە، کە هاردەکەت بکەی بەبەشی (C. E.D...) بەڵام بەهۆی پرۆگرامی . MiniTool Partition Wizard ئەمە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت ڕێکخستنی پارچەکان بکەی، یان قەوارەی دوو پارچە بکەی بەیەك و یا یەکێك بکەی بە چەند بەش. دەتوانی پارچەیەك بشاریەوە.

ئەم پرۆگرامە لەگەڵ گشت سیستەمەکان دەگونجێ و هەروەها زۆربەی هارددیسەکان دەناسێ.



# متمانەترین هاردی دەرەکی





هارد هەتا ئەمڕۆکە باشترین ئامێری داکردن و هەڵگرتن و پاراستنی داتاکانە. بەڵام ئەگەر هاردەکەت تێکبچێ، یان ون بێ و بدزرێ بەئاسانی دەکرێت زانیارییەکانی ناوی بزاندرێن، هەرچەندە بەهۆی پرۆگرامی تایبەتییەوە هاردەکان قفڵ دەکرێن، بەڵام هیچ دوور نییە هەر بەهۆی ئەم پرۆگرامانەشەوە قفڵەکان بکرێنەوە.. بۆ ئەم مەبەستە هاردی جۆری iStorage diskAshur دەکرێ بڵێین لەریزی جێگای متمانەترین هاردەکان دێتە ژمار. سیکوریتی هاردەکە زۆر بەهێزە و بەهۆی ئەو دوگمانەی لەسەریەتی بەکارهێنەر دەتوانێ کۆدی نهێنی بۆ دابنێ.

هاردەکە لە ٥٠٠ گیگایەوە هەتا ٥ ترابایتی هەیە. خێرایی داکردن لەو هاردەدا ١٤٨ میگایە لە چرکەیەکدا. لە ڕێگای کێبڵی USB 3ەوە بە کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە.



## گەشتێک بە شوێنە سەرنجراکێشەکانی جیهان

گەلێك ماڵپەڕ هەن بۆ ڕێنوێنی گەشتیاری و ناساندنی جیهان و شوێنە جوگرافی و گەشتیارییەکان بۆ ئەوانەی نیازی گەشتیان هەیە. بەڵام ماڵپەڕی (http://ww3.safestyle-windows.co.uk/the-secret-door/) واتە دەرگای نهێنی.. جیاوازی لەگەڵ ماڵپەڕەکانی دیکە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتادا ماڵپەڕێکی سەرنج ڕاکێش دەبینی، دەرگایەك کە دەیکەوەیە بێ ئەوەی شوێنێك دەستنیشان بکەی، خۆی دەتباتە شوێنە پڕ لە ڕاز و نهێنی و شاراوەکان. ئەم سایتە بەشێکە لە پرۆژەی گوگل ئێرث بەشێوەیەکی سێ ڕەهەندی شوێنەکان نیشان دەدا. ئەگەر حەزت نەکرد سەیری ئەم شوێنە بکەی دەتوانی دوگمەی (دەرگایەکی دیکەم بۆ بکەوە) لێبدەی و ئەوکات دەتباتە شوێنێکی دیکە..



# کتێبخوێنێک تەنک وەک پەڕی کاغەز

ئەوانەی ئۆگری خوێندنەوەن، دەزانن کتێبخوێنی ئەلکترۆنی چ گرنگییەکی هەیە، گەورەترین کتێبخانە تەنیا بە قەد کتێبێك.. هەرچەندە ئەوانەی نیازیان نییە خۆیان لە کتێبی کاغەز دووركەنەوە لەگەڵ ئەم کتێبخوێنانە خۆیان ناگونجێنن، بەڵام ڕۆژێك دێ شوێنی کتێبی کاغەز بگرێتەوە و تێچوویەکی زۆر لە بواری ئابووریشدا کەم دەکاتەوە و ژینگەش پاکتر ڕادەگرێ.

لە هەڵسەنگاندنێکی کتێبخوێنە ئەلکترۆنییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠دا یەکێك لە باشترینەکان کتێبخوێنی Sony DPT-RP1/B Digital Paper دەرکەوتووە.

کتێبخوێنێکی تەنك، وەك دەڵێن تەنیا بەقەد سێ پەڕەی کاغەز دەبێت. لەم کتێبخوێنەدا دەتوانی یادداشت هەڵبگریەوە، هێما و نیشاەن لەسەر فایلە PDFەکان دابنێی.

شاشەکەی دوو جۆرە، دە ئینجی و سێزدە ئینجی، هەروەها بەجۆرێك دروستکراوە کە ئازار بە چاوت ناگەیەنێ و بە ئاسانی دەتوانی لە ژێر تیشکی خۆریشدا کتێب بخوێنیەوە. دەتوانی یادداشت هەڵبگریەوە، پەراوێز بنووسی. شوێنە سەرنجراکێشەکان بەرجەستە بکەی. هەروەها بە شەحنکردنەوەی هەتاسێ هەفتە دەتوانی سوودی لێوەربگری.